گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاستی خوێندەواری باوان پەیوەندی بە پەروەردەی منداڵ

## توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە

**م.ی. کامران جوهر عبدالله**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
kameran.abdullah@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٤/١١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٠
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Educational Level, Parents, Education, Child, Child Education*

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.14

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕوی پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ و زانینی ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ، هەروەها زانینی ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەی گونجاو بۆ منداڵ.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بەدوای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕای سەربەخۆی وەك (ئاستی خوێندەواری باوان) و گۆڕاوە وابەستەکانی وەك (پەروەردەی منداڵ و دروستکردنی کەسایەتی و هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردە گونجاو بۆ منداڵ). بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی وەسفی شیکاریی. لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە بریتین لە:

1. دەرکەوتووە پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ.
2. ئاستی خوێندەواری باوان ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بۆ منداڵ.
3. بەرزی ئاستی زانستی باوان دەبێتە هۆی گونجان و ڕێککەوتن لە هەڵوێستی پەروەردەییان بەرامبەر منداڵ.

## پێشەکی:

پڕۆسەی پەروەردە پڕۆسەیەکی گرنگ و بەرهەمدارە، چونکە بەژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەیی و فێرکاری کۆمەڵگە دادەنرێت، تەنانەت ئایندەی وڵاتێك دیاریدەکات لەڕێگەی ئەو

پلان و ستراتیژەی بۆ ئایندەی هەر وڵات و کۆمەڵگەیەك دادەنرێت لەپێناو گەشەکردن و پێسخستن لەسەر بنەمای پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی نەوەکانی داهاتوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەرەگ و ڕیشە و بناغەی گۆڕانکاری وڵات دادەنرێت بۆ ئایندەیەکی باشتر بۆ هاوڵاتیانی، چونکە هەنگاوی یەکەم لە گۆڕانکاری گرنگیدانە بە پرۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردنی نەوەکان بۆ ئایندەیەکی باشتر.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت نەوەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنین پێویستە لەو دەزگایەوە دەستپێبکەین کە بەسەرچاوەی یەکەمی پەروەردە و فێرکردنی نەوەکان دادەنرێت، ئەویش خێزانە، ئەوانەشی بەم پرۆسەیە هەڵدەستن لەم دەزگایە دایك و باوکە، کەسەرچاوەی کۆنترۆڵکردن و ئاڕاستەکردنی منداڵە لەسەر بنەمایەکی تەندروست بە شێوازی پەروەردەیی گونجاو کە هەڵگری کۆمەڵێك هەڵوێست و ئاڕاستەی بەرهەمدار بێت بۆ دوارۆژی نەوەکان و دروستکردنی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و زانستی بۆ ئایندەیەکی باشتر. لەم ڕوانگەیەوە باوان بەسەرچاوەیەکی گرنگی پەروەردەکردن دادەنرێن بۆ منداڵەکانیان لە ڕێگەی پێدانی توانایەکی بەرزی زانستی و رۆشنبیری بۆ ئەوەی بەشێوازێکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ ئەو ژینگەیە بکات کە تیایدا دەژیت و توانای بەرگەگرتن و چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆی هەبێت، ئەم توانایەش سەرچاوەدەگرێ لە توانای باوانی لەڕووی ئاستی خوێندەواری و زانستی و ڕۆشنبیری کە بەهەوێنی توانای کەسایەتی ئەو منداڵە هەژماردەکرێت. پەروەردە وەك سێکتەرێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی هەژمار دەکرێت، وەبەرهێنان لەم سێکتەرەدا بوژاندنەوە و گەشەپێدانی مرۆیی و عەقلی و ژیری و پسپۆڕی و شکۆمەندی بەرهەم دەهێنێت، دەکرێ ئەمەش باشترین سامان بێت بۆ هەر نەتەوە و کۆمەڵگە و وڵاتێك، چونکە وەبەرهێنان لە عەقل و ژیری دەبێتە هۆکاری بوژانەوە لە ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان :

### باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە :-

#### 1. گرنگی توێژینەوەکە:

أ) گرنگی لایەنی تیۆری: ئەم توێژینەوەیە لەڕووی زانستییەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ خوێنەران و توێژەران و پسپۆڕان و ئەوانەی ئەیانەوێت زانیاری وەربگرن لەسەر شێوازەکانی پەروەردەی منداڵ.

ب) گرنگی لایەنی پراکتیکی: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دانانی سنورێك لەبەردەم پەروەردەیەکی نادروستی منداڵ، ئەویش لەڕێگەی بەدەمەوەهاتنی کێشەو گرفتەکانی باوان لەناو خێزان و پەیوەندییان بە پەروەردەی منداڵ لە لایەکەوە، هەروەها هاندانی باوان بۆ هەڵبژاردنی باشترین شێوازی پەروەردەی گونجاو بۆ منداڵەکانیان کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کەسایەتییان.

#### 2. ئامانجەکانی توێژینەوەکە :

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ. ئەو ئامانجە سەرەکییەش چەند ڕەهەندێکیتری کردۆتە ئامانجی توێژینەوەکە بریتین لە :

أ- خستنەڕوی پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ.
ب- زانینی ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ.
ت- زانینی ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەیی گونجاو بۆ منداڵ.

#### 3. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :

لە هەڵبژاردنی هەر بابەتێکدا بۆ توێژینەوە دوو هۆکاری (خودی) و (بابەتی) ڕۆڵ دەبینن، لەوانە:

أ- هەستکردن بە مەترسییەکانی پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان وەك هۆکارێکی خودی.
ب- ئاشناکردنی باوکان و دایکان بە کێماسییەکان لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ لەناو خێزان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ت- پێویستی کۆمەڵگە بۆ زانینی هۆکارەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەرکردنی منداڵ، دەستنیشانکردنی چارەسەری گونجاو و پێویست بۆ گرفتی پرۆسەی پەروەردە و بەدیهێنانی داواکارییەکانی کۆمەڵگە بەگشتی.

### 4. میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوە بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێسای گشتی بۆ گەیشتن بە ڕاستی زانستی و ئامانجە دیاریکراوەکانی توێژینەوەکە (السماك وآخرون، 1976، صفحة 42).

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر بەدوای دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕای سەربەخۆی وەك (ئاستی خوێندەواری باوان) و گۆڕاوە وابەستەکانی وەك (پەروەردەی منداڵ و دروستکردنی کەسایەتی و هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردە گونجاو بۆ منداڵ). بۆیە توێژەر پشتی بەستووە بە میتۆدی شیکاری (Analytical Method) کە زیاتر وسفی توێژینەوەی زانستی بەسەردا پراکتیزە دەبێت، چونکە تەنیا بە وسفکردنی دیاردەکە ناوەستێت، بەڵکو هەوڵی شیکردنەوەی هۆکارەکانیش دەدات.

### باسی دووەم : پێناسەی چەمکەکان

1. ئاستی خوێندەواری Educational Level

ئاستی خوێندەواری دەکرێ دیاریبکرێ بە کۆمەڵێك ئاست لەوانە (نەخوێندەواری، دەخوێنێ و دەنووسێ، ناوەندی گشتی، دیبلۆم، بەکالۆریۆس، خوێندنی باڵا) (جرادات، 2007، صفحة 94). یاخود ئاستی خوێندەواری ، قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوە ئەوەی کە باوان یان تاکەکان پێیدا تێپەڕدەبن بەسەرکەوتوویی، هەروەها ئاستی خوێندەواری دابەشی سەر پێنج قۆناغ دەکرێت لەوانە (نەخوێندەوار، سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، خوێندنی باڵا) (نحيلي, د.علي، 1997، صفحة بدون). بەشێوەیەکیتر ئاستی خوێندەواری دیاریدەکرێت بە چوار ئاست لەوانە (بنەڕەتی، ناوەندی، زانکۆ، خوێندنی باڵا) (حلاوة، 2011، صفحة 57). بەگشتی دیاریکردنی ئاستی خوێندەواری لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر یان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە بەپێی جیاوازی فەلسەفەی پەروەردەکردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاستی خوێندەواری، قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوە ئەوەی کە باوان پێیدا تێپەڕدەبن بەسەرکەوتوویی، هەروەها ئاستی خوێندەواری دەکرێ دیاریبکرێ بە کۆمەڵێك ئاست لەونە (نەخوێندەوار، دەخوێنێ و دەنووسێ، بنەڕەتی، ئامادەیی، بەکالۆریۆس، خوێندنی باڵا).

2. باوان Parents

چەمکی باوان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە بە وەزیفە یان پیشە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی باوك و دایك، ئەمەش دەبێت بە ئەرك لەسەریان بۆ جێبەجێکردنی. چەمکی باوان پێکدێت لەسێ ڕەهەند: جێبەجێکردنی باوان و ئەزموونی باوان و کارتیاکردن(ئەزموونکردن)ی باوان، هەریەك لەو ڕەهەندانە بەم شێوەیە شیکراوەتەوە؛ چەمکی جێبەجێکردنی باوان دەگەڕێتەوە بۆ ناسنامەی باوان، ئەزموونی باوان دەگەڕێتەوە بۆ پیشەی باوان، کارتیاکردنی باوان دەگەڕێتەوە بۆ چۆنایەتی باوان (سجيدة، 2012-2013، صفحة 50). بەشێوەیەکیتر باوان ئەوانەن کە بەرپرسیارن لەو نەوانەی خستویانەتەوە. لەلایەن مرۆڤەوە، ئەو باوانەی منداڵیان هەیە، ئەو منداڵە ڕەچەلەکی بۆ باوك دەگەڕێتەوە. دەکرێ منداڵ باوك یان دایك یان زیاتری هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەو منداڵە باوك و دایکێکی بایۆلۆژی هەبێت (ویکیبیدیا، 2021).

کەواتە باوان بریتییە لە دایك و باوك کە منداڵیان خستۆتەوە. هەروەها ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ بەشێوەیەك ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی کەسایەتی و هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەیی گونجاو بۆ منداڵەکانیان.

3. پەروەردە Education [*]

پەروەردە لە تێڕوانینی فەیلەسوفی ئەڵمانی "ئیمانوێل کانت" (1724-1804) بریتییە لە پێشخستنی تاك لە هەموو لایەنەکانی بەتەواوی و بێ خەوش. هەروەها "بستالوتزی" پەروەردەکاری سویسڕی (1746-1827) دەڵێت: پەروەردە بریتییە لە ئامادەکردنی بونیادی مرۆڤ بۆ ئەوەی بە ئەرکە

[*] لەڕووی زمانەوانییەوە education گەلێك واتای هەیە، لەزمانی ئینگلیزیدا بەواتای (پەروەردە، پەروەردەکردن، فێرکردن، خوێندەوارکردن، ڕۆشنبیری، ڕۆشنبیرکردن، زانست و زانیاری، فەرهەنگ، بەرهەمی هزی)دێت، ئەم وشەیە لاستیکییە و گەلێك مانا لەخۆدەگرێت. "جۆیس. ئێم .هۆگنز" لەچاپی نۆرەی ساڵی (2000)ی (ئۆکسفۆد)دا لەلاپەڕە (194)دا بەجوانی وشە و زاراوە پەروەردەییەکانی ڕوونکردۆتەوە و پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە education دوو مانای سەرەکی هەیە ئەویش(پەروەردە، فێرکردن)ە (ئالانی، 2013، الصفحات 24-25).

جیاوازەكانی هەڵبستێ لە ژیانیدا، بەڵام "جون دیوی" (1859-1952) فەیلەسوف و پەروەردەكاری ئەمریكی دەڵێت: پەروەردە بریتییە لە پڕۆسەی گونجان لەنێوان تاك و ئەو ژینگەیەی كە تیایدا دەژیت (ناصر، 1980، صفحة 12). هەروەها "ئەمیل دوركهایم" كۆمەڵناسی فەرەنسی (1858-1917) دەڵێت: پەروەدە پێكهاتووە لە پێكهاتنی كۆمەڵایەتی تاكەكان، ئەم كارەش لەڕێگەی ئەو هەوڵانەوە بەرجەستە دەبێت كە چینە ڕێنوێنیكارەكانی پێشوو بەئەنجامیان گەیاندووە بۆ ئەو چینانەی لە ئاستێكی باشی پێگەیشتویدا نەبوون. دواتر "جۆن دیوی" (1859-1952) پێناسەی پەروەردە دەكات بەوەی كۆمەڵێك پڕۆسەیە كۆمەڵگە یان هەر گروپێك بچوك بێت یان گەورە دەتوانێ لەڕێگەیەوە ئامانج و دەستەڵاتی وەرگیراویان بگوازنەوە سەرەڕای پاراستنی بەشێوەیەكی تایبەت (اوبیر، 1979، صفحة 22).

یاخود پەروەردە بریتییە لە گەیاندنی ژیری و ژیانی مرۆڤ بە ئاستی تەواوەتی ڕەها، لەبەر ئەوەی پەروەردە هۆكارێكە بۆ گەیاندنی مرۆڤ بە مەبەستەكان (ئالانی، 2013، صفحة 44). یاخود بریتییە لە پڕۆسەیەكی ڕێكخراو بۆ ڕوودانی گۆڕانكارییە ویستراوەكان لە ڕەفتاری تاك لەپێناو گەشەپێدانی تەواوكاری كەسایەتییان لەلایەنی جەستەیی و ژیری و هەڵچوون و كۆمەڵایەتییەوە (البدري، 2005، صفحة 47). هەروەها لە فەرهەنگی (الصحاح) چەمكی پەروەردە بریتییە لە: گەشەپێدانی ئەركەكانی جەستەیی و هزری و ڕەفتاری بۆ گەیشتن بە كامل بوون لەڕێگەی ڕۆشنبیركردن و ڕاهێنانەوە (عەزیز، 2017، صفحة 23). بەشێوازێكیتر پەروەردە پڕۆسەیەكی كۆمەڵایەتییانەی ئامانجداری خاوەن چەند قۆناغ و ئامانجێكە، چەند نێوەندێك بەشێوەیەكی نارەسمی پێی هەڵدەستن، لە نموونەی خێزان و هۆكارەكانی ڕاگەیاندن وماڵەكانی پەرستش و دەزگاكانی دیكەی كۆمەڵگە، یان بەشێوەیەكی ڕەسمی بەپێی فەلسەفەو ئامانجگەلێكی دیاریكراو، وەك دامەزراوە ڕەسمییە پەروەردەییەكان (سەمیرە، 2009، صفحة 92). لە ناساندنێكیتردا پەروردە بەوە پێناسە دەكرێت كە پڕۆسەیەكی گشتییە، مرۆڤ لەسەرجەم لایەنەكانی وەك: دەروونی و هزری و ویژدانی و كەسێتی و ڕەفتاری و شێوازی بیركردنەوە و هەڵسوكەوتی ژیانی و مامەڵەكردنی لەگەڵ ئەوانیتردا ئامادە دەكات (عەزیز، 2017، صفحة 9). یاخود پەروەردە پڕۆسەیەكی بەردەوامە، هەر لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە دەستپێدەكات تا پێ دەنێتە ناو گۆڕەوە بەردەوام دەبێت (پێندرۆیی(جگەرسۆز)، 2015، صفحة 14).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە کە باوان پێی هەڵدەستن بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لەرێگەی ئەو ئەزموون و شارەزاییانەی هەیانە کە بەرئەنجامی ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیری باوانە بۆ هەڵبژاردنی شێوازێکی پەروەردەیی گونجاو و دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز بۆ منداڵەکانیان.

4. پەروەردەی منداڵ * Education Child

پەروەردەی منداڵ بریتییە لە پرۆسەی پەروەردەکردن و فێرکردن لە دوای لەدایك بوون تاکو تەمەنی پێگەیشتنی منداڵ، دەستەبەرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ گەشەی جەستەیی و پێگەیاندنی ژیری و بیرکردنەوەیی و دەستەبەرکردنی ئاسایش و پاراستنی، ئەمانە کۆمەڵێك ئەرکی سەرەکین لەسەر باوان کە بەرپرسیارن بەرامبەر منداڵەکانیان (عیسی، 2018). یاخود پەروەردەی منداڵ بریتییە لە پرۆسەی بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی گەشەپێدانی دەروونی و تەندروستی جەستەیی لە منداڵ، هەروەها بۆماوە و دەوروبەر و کۆمەڵگە کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکین کاریگەرییان هەیە لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ و بونیادی بیرکردنەوەی و روحی (ویکیبیدیا، 2021).

هەروەها پەروەردەی منداڵ بریتییە لە پرۆسەی هاوبەشیکردنی دایك و باوك لە پەروەردەکردنی منداڵ و دورستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز و بونیادنانی ژیری، لەماوەی پێشەنگایەتیکردنی باوان بۆ منداڵەکانیان کە فێری تایبەتمەندی باش دەکرێن، لەبەرامبەردا ئەنجامێکی باشی دەبێت لەسەر منداڵ لەرووی سەربەخۆیی و بەهێزی کەسایەتی و پشت بەخۆبەستن و خۆشویستنی خۆی و کەسانی دەوروبەری، هەروەها دەستکەوتنی توانا و بەهرە جۆراوجۆرەکان (عتوم، 2020). یاخود پەروەردەی منداڵ بریتییە لە پرۆسەی رێگاکانی پەروەردەکردن لەلایەن باوان، کە گرنگترینی خێزان و کۆمەڵگەن هەڵدەستن بە بەکارهێنانی باشترین رێگای داهێنانە نوێیەکان، لەپێناو پەروەردەکردنی نەوەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆسەکە رووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت و بەربەرست و رێگری دەبێتەوە، لەبەرامبەردا ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر باوان کە هەوڵی چارەسەرکردنی هەموو ئەو گرفتانە بدەن کە رووبەڕوویان دەبنەوە بۆ گەیشتن بە پەروەردەیەکی تەندروست (متفرقات، 2019).

---

* بەپێی (رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ لە نەتەوە یەکگرتووەکان ــ پەڕاوی منداڵ)، منداڵ هەرکەسێکە لە یەکەم رۆژی لەدایکبوونەیەوە تاکو تەمەنی 18 ساڵی بە منداڵ دادەنرێت (المتحدة، بدون تأريخ). هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە منداڵ بچووکێکە لەکاتی لەدایك بوونییەوە تاکو تەواو پێدەگات لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە (الياسين، 1981، صفحة 29).

پەروەردەی منداڵ بریتییە لە پرۆسەی هاوبەشیکردنی باوان لە چاودێریکردن و گەشەپێدانی منداڵان لەڕووی پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز و بەخشینی تواناو بەهرەی جۆراوجۆر بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕۆژانەی لەپێناو بەدیهێنانی گەشەیەکی تەندروست و تەواو و بەیەکەوە گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

## بەشی دووەم : توێژینەوەکانی پێشووتر و تاووتوێکردنی :

### باسی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشووتر:-

1. توێژینەوەی (سعید، 2020)، بەناونیشانی (هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن و پەیوەندی بە جۆری کۆمەڵایەتییەوە-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر) .

ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگای هەولێر لەساڵی (2020) ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی قەبارەی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی و زانینی کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان لەسەر وازهێنانی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لە خوێندن. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری لەڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر بەکارهێناوە. فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە و قەبارەی نموونەکەی بریتییە لە (188) یەکە.
گرنگترین ئەنجامەکانی کە پێی گەیشتووە دەرکەوتووە ڕێژەیەکی بەرز لە دایك و باوکی ئەو قوتابیانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە ئاستی خوێندەواری و بڕوانامەیان نزمە، واتا پاشخانی خوێندەواری و ڕۆشنبیری خێزانییان لە ئاستێکی نزمدایە.

2. توێژینەوەی (سعید، 1981), بەناونیشانی ( شێوازەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییان بە ئاستی زانستی باوان).

ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگای موسڵ لەساڵی (1981) ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئەو شێوازانەی کە پاڵپشتی دایکان و باوکان دەکەن لە گەشەپیدانی منداڵەکانیان، هەروەها زانینی ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان دایکان و باوکان هەیە لە شێوازی گەشەپێدانی منداڵ. نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە (60) باوك و (60) دایك کە منداڵێك یان زیاتریان هەیە لە تەمەنی (5) ساڵی. ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە فۆڕمی ڕاپرسی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە ئاستی خوێندەواری باوان کاریگەری هەیە لەسەر هەموو شێوازە بەکارهاتووەکان لە (هاندان و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی) لە گەشەپێدانی منداڵ، ئەو شێوازانەش زیاتر دەبن بەپێی بەرزی ئاستی خوێندەواری باوان، هەروەها شێوازەکانی (پێچ و پەنا لە مامەڵەکردن) و (سزای جەستەیی) کەمتر بەکار هاتوون لەلایەن ئەو باوانانەی کە ئاستی خوێندەوارییان بەرزە.

3. توێژینەوەی (جرادات، 2007)، بەناونیشانی (پەیوندی ئاستی زانستی باوان و دەستکەوتی ماددی خێزان بۆ هەڵبژاردنی پسپۆڕی زانکۆیی لە نەوە کوڕ و کچەکانیان).

توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ئوردن لە ساڵی (2003) ئەنجامدراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی پەیوەندی ئاستی زانستی باوان و دەستکەوتی ماددی خێزان بۆ هەڵبژاردنی پسپۆڕی زانکۆیی لە نەوە کوڕ و کچەکانیان. نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (1416) قوتابی (کوڕ و کچ) لەو قوتابیانەی کە پەیوەندییان بە ئاستی بەکالۆریۆس کردووە لە زانکۆکان لە ساڵانی (2002–2003)، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاری فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهاتووە. گرنگترین ئەنجامەکانیشی بریتیین لەوەی کە پەیوەندی هەیە لەنێوان بەرزی ئاستی زانستی باوان و هەڵبژاردنی پسپۆڕی زانستی پیشەیی وەك (پزیشکی و ئەندازیاری و دەرمانخانەو....هیتر) لەلایەن قوتابیانی کوڕ و کچەوە. هەروەها پەیوەندی هەیە لەنێوان نزمی ئاستی زانستی باوان و هەڵبژاردنی پسپۆڕی ئەدەبی وەك (زانستی پەروەردە و پەروەردەی جەستەیی و....هیتر) لەلایەن قوتابیانی کوڕ و کچ.

4. توێژینەوەی (فراجي، 2011 - 2012)، بەناونیشانی (کاریگەری یەکسانی یان وەك یەکی ئاستی زانستی نێوان هاوسەران لەسەر پەروەردەی نەوەکان – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ناوچە جیاوازەکانی ویلایەتی بویرە).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان یەکسانی یان هاویەکی ئاستی زانستی باوان و پەروەردەی منداڵ، زانینی کاریگەری ئاستی زانستی باوان لەسەر پەروەردەی نەوەکان، دۆزینەوەی گرنگی یەکسانی ئاستی زانستی هاوسەران لە گونجاویان بەرامبەر هەڵوێستە پەروەردەییەکان.

لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە ئاستی زانستی باوان کاریگەرییەکی کارای هەیە لە پەروەردەکردنی نەوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکی یارمەتیدەرە لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەی گونجاو بۆ نەوەکان، هەروەها بوونی یەکسانی یان وەك یەکی ئاستی زانستی نێوان هاوسەران دەبێتە هۆی

گونجان و ڕێککەوتن لە هەڵوێستی پەروەردەییان کە هاوبەشی دەکەن لە گەشەی هاوسەنگ لە کەسایەتی منداڵ.

5. توێژینەوەی (حاجي و سەعدی، 2013), بەناونیشانی ((کارکردنی منداڵان هۆکار و دەرئەنجامەکان)).

ئەم توێژینەوەیە لەساڵی 2013 ئەنجامدراوە , لە شارۆچکەی سۆران سەر بە پارێزگای هەولێر, پشتی بە ڕێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەستووە وە ئامانجی توێژینەوەکەشی بریتییە لە دیاریکردنی هۆکاری سەرەکی و ڕاستەقینەی کارکردنی منداڵان و دەرخستنی دەرئەنجامەکانی کارکردنی منداڵ بەسەر ژیان و پێکهاتەی کەسایەتییان. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش شارۆچکەی سۆران دەگرێتەوە ئەو منداڵانەی خەریکی کارکردنن, نموونەی لێکۆڵینەوەکەشی (200) کەسە لەو منداڵانەی کاردەکەن. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی.
لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێی گەیشتووە ئەوەیە یەکێك لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵان هۆکاری ڕۆشنبیری و پەروەردەییە کە لەئەنجامی توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە 50%ی دایك و باوکانی منداڵانی ئیشکەر نەخوێندەوارن، هەروەها ئەو منداڵانەی کە کاردەکەن ڕووبەڕووی ئاستەنگ و گرفت دەبنەوە لەکاتی کارکردن لەلایەن خاوەنکارەکان کە دەکەونە ژێرباری قسەی ناشیرن و جنێو پێدان و سوکایەتی پێکردن ئەمەش کاریگەری لەسەر دوارۆژ و کەسایەتی منداڵ دەبێت.
6. توێژینەوەی (نحيلي، 1997), بەناونیشانی (پەیوەندی نێوان دەستکەوتی زانستی باوان و دەستکەوتی زانستی نەوەکان–توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری دیمەشق).

ئەم توێژینەوەیە لە دیمەشق لە ساڵی (1997) ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دەستکەوتی باوان لەڕووی زانستییەوە کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکانیان، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژاردنی دوو کۆمەڵەیە بەشێوەیەکی مەبەستدار، لەوانە هەڵبژاردنی دوو خێزان لە هەر ناوچەیەك لەشاری دیمەشق، خێزانی یەکەم باوان خوێندەوار و خێزانی دووەم باوان نەخوێندەوار، کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسییە، نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە (32) خێزان لە (16) ناوچەی دانیشتوانی شاری دیمەشق. لەگرنگترین ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە ئاستی زانستی باوان کاریگەری هەیە بەشێوەیەکی

باش لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان، لەبەرامبەردا نەخوێندەواری کاریگەری خراپی هەیە لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان، واتا پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاستی دەستکەوتی زانستی باوان و ئاستی دەستکەوتی زانستی نەوەکان.

7. توێژینەوەی (حلاوة، 2011)، ەناونیشانی (ڕۆڵی باوان لە دروستکردنی کەسایەتی کۆمەڵایەتی لە نەوەکان).

ئەم توێژینەوەیە لە شاری دیمەشق لەساڵی (2009) ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی ڕۆڵی باوانە لە دروستکردنی کەسایەتی نەوەی کۆمەڵایەتی، یەکێك لە گرنگترین گریمانەکانی بوونی پەیوەندییە لەنێوان ئاستی خوێندەواری باوان و دروستکردنی کەسایەتی منداڵ. ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری، هەروەها فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە باوان، جۆری نموونەکەش، نموونەیەکی هەڕەمەکی بووە لە باوك و دایك لە چوار ناوچەی جیاواز لە شاری دیمەشق، هەروەها قەبارەی نموونەکە بریتییە لە (100) یەکە لە باوکان و دایکان.
لەئەنجامەکانیدا دەرکەوتووە ئاستی خوێندەواری باوان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لە جیاوازی ڕۆڵی باوان دروستکردنی کەسایەتی نەوەی کۆمەڵایەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆنتڕۆڵی داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان، ئەو چوارچێوەیەی کە باوان تیایدا دەژین لە ئاستە خوێندەوارییە جیاوازەکان، چونکە ژیانیان لە چوارچێوەی تاکە ڕێکخراوێکە لە بەهاو دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان.

8. توێژینەوەی (أبوزید، 2010)، ەناونیشانی ( پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری باوان و ئاڕاستەی نەوەکان بەرەو سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئوردنی).

ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی (2010) لە ئوردن ئەنجامدراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە سروشتی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری باوان و ئاڕاستەی نەوەکان بەرەو سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئوردنی. توێژەر لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، هەروەها پشتی بەستووە بە شیکردنەوەی دوو جۆر فۆڕمی ڕاپرسی پەیوەندیدار بە باوان و نەوەکان، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (250) قوتابی لە قوتابیانی شەشی سەرەتایی، لەگەڵ هەڵبژاردنی (11) قوتابخانە بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەیەکی هەڕەمەکی لە پارێزگای (عمان)ی ڕۆژئاوا، لەساڵانی خوێندنی (2008 – 2009). توێژینەوەکە گەیشتووە بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ئاستی زانستی باوان کاریگەری هەیە لەسەر ئاڕاستە مەعریفییەکانی نەوەکان لەسەیرکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان. هەروەها ئاستی زانستی باوان کاریگەری هەیە لە ئاڕاستەکردنی نەوەکان بەرەو ئاڕاستە ڕۆشنبیری و ڕەفتارییەکان.

9. توێژینەوەی (نورالدین و سمیرە، 2011), بەناونیشانی ( سنورەکان و شێوازەکانی چاودێری خێزان و کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان).

توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر کۆمەڵێك قوتابخانەی سەرەتایی لەشاری (بسکرە) لەساڵی (2011) لە جزائیر ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو سنورەکان و شێوازەکانی چاودێری خێزان، هەروەها بەدواداچوونە لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان، ئەمەش دیاریکردنی ئەو سنورەیە لە قەبارەی خێزان و پەیوەندییان بە ئارامی خێزان، هەروەها پەیوەندییان بە ئاستی زانستی باوان و ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان، هەروەها بەدواداچوون بۆ ئاستی کاریگەری ئەو سنورانە لەسەر چاودێری باوان لە چالاکی قوتابخانەیی نەوەکان، بۆئەمەش کۆمەڵێك ڕێگا هەیە لەلایەن باوانەوە بۆ چاودێریکردن لەناو خێزان و دەرەوەی خێزان، لەگەڵ ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە لەو چاودێریکردنەدا. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیین لە فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینیکردن.

لەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووە دەرکەوتووە ئاستی بەرزی زانستی باوان کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان، دەرکەوتووە زۆربەی ئەو خێزانانەی کە توێژینەوەیان لەسەر کراوە یارمەتی نەوەکانیان داوە لە تێگەیشتنی وانەکانیان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئاستی زانستی باوانیان کە زۆربەیان ئاستی زانستییان لە ئاستی زانکۆ و ئامادەیی دابووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێژەیەکی کەم نەیانتوانیوە یارمەتی نەوەکانیان بدەن بۆ تێگەیشتن لەوانەکان هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار بەتایبەتی نزمی ئاستی زانستی باوانیان. هەروەها زۆربەی نەوەکان سوودیان وەرگرتووە لە ڕۆشنبیری و زانستی خێزانەکانیان بۆ هاوبەشیکردنیان لە پۆلدا.

10.توێژینەوەی (رفيقة، 2014), بەناونیشانی(ئاستی ڕۆشنبیری لە خێزان و کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان).

لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە ئاستی خوێندەواری باوان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پرۆسەی پەروەردەکردن و ئامادەکردنی منداڵ لەشێوەی ئامادەکاری پێشوەختی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگە بەگشتی و ئەنجامدانی شێوازەکانی ڕەفتاری ویستراو بەسەرکەوتوویی، هەروەها ئامادەباشی لە دەستکەوتنی ئەزموون و توانای زانستی و زانیاری.

**باسی دووەم : تاووتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر:**

بۆ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر لە توێژینەوەکەی (بتولى غزال سعيد) دەستپێدەکەین ، کە تیشکی خستۆتە زانینی ئەو شێوازانەی کە پاڵپشتی دایکان و باوکان دەکات لە گەشەپیدانی منداڵەکانیان، هەروەها زانینی ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان دایکان و باوکان هەیە لە شێوازی گەشەپێدانی منداڵ ، ئەمەش خاڵێکی هاوبەشە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ. لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە ئاستی خوێندەواری باوان کاریگەری هەیە لەسەر هەموو شێوازە بەکارهاتووەکان لە (هاندان و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی) لە گەشەپێدانی منداڵ، ئەو شێوازانەش زیاتر دەبن بەپێی بەرزی ئاستی خوێندەواری باوان، هەروەها شێوازەکانی (پێچ و پەنا لە مامەڵەکردن) و (سزای جەستەیی) کەمتر بەکار هاتوون لەلایەن ئەو باوانەی کە ئاستی خوێندەوارییان بەرزە.

هەروەها توێژینەوەکەی (سعيد محمدامين سعيد)، بەناونیشانی (هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن و پەیوەندی بە جۆری کۆمەڵایەتییەوە)، دەرکەوتووە ڕێژەیەکی بەرز لە دایك و باوکی ئەو قوتابیانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە ئاستی خوێندەواری و بڕوانامەیان نزمە، واتا پاشخانی خوێندەواری و ڕۆشنبیری خێزانییان لە ئاستێکی نزمدایە. ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکەی (بتولى غزال سعيد) کە تیشکی خستۆتە زانینی ئەو شێوازانەی کە پاڵپشتی دایکان و باوکان دەکات لە گەشەپیدانی منداڵەکانیان، دەرکەوتووە ئاستی خوێندەواری باوان کاریگەری هەیە لەسەر هەموو شێوازە بەکارهاتووەکان لە (هاندان و ئامۆژگاری و ڕێنوێنی) لە گەشەپێدانی منداڵ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها توێژینەوەکەی (محمد جرادات). بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی ئاستی زانستی باوان و دەستکەوتی ماددی خێزان بۆ هەڵبژاردنی پسپۆڕی زانکۆیی لە نەوە کوڕ و کچەکانیان. دەرکەوتووە پەیوەندی هەیە لەنێوان بەرزی ئاستی زانستی باوان و هەڵبژاردنی پسپۆڕی زانستی پیشەیی وەك (پزیشکی و ئەندازیاری و دەرمانخانەو....هیتر) لەلایەن قوتابیانی کوڕ و کچەوە. هەروەها بەپێچەوانەوە نزمی ئاستی زانستی باوان و هەڵبژاردنی پسپۆڕییە بەشە ئەدەبییەکان، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت بەرزی ئاستی زانستی باوان وەك هاندان و ڕێنوێنی کار ڕۆڵی هەیە لە ئاڕاستەکردنی منداڵەکانیان بۆ داهاتوویەکی باش. ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکەی (بتولى غزال سعيد)، کە خاڵی هاوبەشیان بریتییە لە ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە هاندان و ڕێنوێنیکردن بۆ گەشەپێدانی منداڵەکانیان.

توێژینەوەکەی (أمينة فراجي)، لەبارەی کاریگەری یەکسانی یان وەك یەکی ئاستی زانستی نێوان هاوسەران لەسەر پەروەردەی نەوەکان، دەرکەوتووە ئاستی زانستی باوان کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردەکردنی نەوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارێکی یارمەتیدەرە لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەی گونجاو بۆ نەوەکان، هەروەها بوونی یەکسانی یان بەرزی ئاستی زانستی نێوان هاوسەران دەبێتە هۆی گونجان و ڕێککەوتن لە هەڵوێستی پەروەردەییان کە هاوبەشی دەکەن لە گەشەی هاوسەنگ لە کەسایەتی منداڵ. هەروەها توێژینەوەکەی (ڤیان لەتیف حاجی و خەدیجە ڕەحمان سەعدی) لەبارەی دیاریکردنی هۆکاری سەرەکی و ڕاستەقینەی کارکردنی منداڵان و دەرخستنی دەرئەنجامەکانی کارکردنی منداڵ بەسەر ژیان و پێکهاتەی کەسایەتییان. دەرکەوتووە یەکێك لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵان هۆکاری ڕۆشنبیری و پەروەردەییە کە دەرکەوتووە دایك و باوکانی منداڵانی ئیشکەر نەخوێندەوارن، هەروەها ئەو منداڵانەی کە کاردەکەن ڕووبەڕووی ئاستەنگ و گرفت دەبنەوە لەلایەن خاوەنکارەکانیان و دەکەونە ژێرباری قسەی ناشیرن و جنێو پێدان و سوکایەتی پێکردن ئەمەش کاریگەری لەسەر دواڕۆژ و کەسایەتی منداڵ دەبێت. ئەمەش پەیوەندی و نزیکی لەگەڵ توێژینەوەکەی (أمينة فراجي) دەخاتەڕوو کە هەردووکیان جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی ئاستی خوێندەواری باوان لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ. ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمە بۆ تیشك خستنە سەر گرنگی ئاستی خوێندەواری باوان لە پەروەردەکردنی منداڵ و زانینی ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ.

هەروەها توێژینەوەکەی (علي نحيلي), بەئامانجی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دەستکەوتی باوان لەڕووی زانستییەوە کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکانیان، دەرکەوتووە ئاستی زانستی باوان کاریگەری هەیە بەشێوەیەکی باش لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان، لەبەرامبەردا نەخوێندەواری کاریگەری خراپی هەیە لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان. توێژینەوەکەی (زمان نورالدين و نجن سميره) لەبارەی سنورەکان و شێوازەکانی چاودێری خێزان و کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان)، دەرکەوتووە ئاستی بەرزی زانستی باوان کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرێژەیەکی کەم لە خێزانەکان دەرکەوتووە کە نەیانتوانیوە یارمەتی نەوەکانیان بدەن بۆ تێگەیشتن لەوانەکانیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار بەتایبەتی نزمی ئاستی زانستی باوانیان. هەروەها زۆربەی نەوەکان سوودیان وەرگرتووە لە ڕۆشنبیری و زانستی خێزانەکانیان. ئەمەش نزیکە لەو توێژینەوەیە لەبارەی پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ, هەروەها یەکدەگرێتەوە لەگەڵ هەندێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی (علي نحيلي) کە دەرکەتووە ئاستی بەرزی خوێندەواری باوان گرنگە بۆ دەستکەوتی نەوەکان لەڕووی زانستییەوە کە بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵان. هەروەها بەهەمان شێوە توێژینەوەکەی (يخلف رفيقة)، بەناونیشانی(ئاستی ڕۆشنبیری لە خێزان و کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان دەرکەوتووە ئاستی خوێندەواری باوان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پرۆسەی پەروەردەکردن و ئامادەکردنی منداڵ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگە بەگشتی و ئەنجامدانی شێوازەکانی ڕەفتاری ویستراو بەسەرکەوتوویی، هەروەها ئامادەباشی لە دەستکەوتنی ئەزموون و توانای زانستی و زانیاری.

هەرچی توێژینەوەکەی (باسمة حلاوة)یە بەناونیشانی (ڕۆڵی باوان لە دروستکردنی کەسایەتی کۆمەڵایەتی لە نەوەکان، دەرکەوتووە ئاستی خوێندەواری لەباوان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لە جیاوازی ڕۆڵی باوان دروستکردنی کەسایەتی نەوەی کۆمەڵایەتی. توێژینەوەی (نزار عوده عبدالمجيد أبوزيد)، بەناونیشانی (پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیری باوان و ئاڕاستەی نەوەکان بەرەو سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ئوردنی) دەریخستووە ئاستی زانستی باوان کاریگەری هەیە لەسەر ئاڕاستە مەعریفییەکانی نەوەکان لەسەیرکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان. هەروەها ئاستی زانستی باوان کاریگەری هەیە لە ئاڕاستەکردنی نەوەکان بەرەو ئاڕاستە ڕۆشنبیری و ڕەفتارییەکان، ئەمەش

یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەی گونجاو بۆ منداڵ، ئەمەش خاڵی هاوبەشە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (أمينة فراجي) کە هەردووکیان جەخت دەکەنەوە لەسەر کاریگەری یەکسانی یان وەك یەکی ئاستی زانستی نێوان هاوسەران لە پەروەردەکردن و هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەی گونجاو بۆ نەوەکان، هەروەها بوونی یەکسانی یان وەك یەکی ئاستی زانستی نێوان هاوسەران دەبێتە هۆی گونجان و ڕێککەوتن لە هەڵوێستی پەروەردەییان کە هاوبەشی دەکەن لە گەشەی هاوسەنگ لە کەسایەتی منداڵ.

بەشێوەیەکی گشتی خاڵ و ئەنجامی هاوبەش لەنێوان توێژینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە پەیوەندی هەیە نێوان ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ. هەروەها گرنگی ئاستی خوێندەواری باوان لە پەروەردەکردنی منداڵ. ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ. هەروەها ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەی گونجاو بۆ منداڵ.

## بەشی سێیەم : ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ

### باسی یەکەم: پەروەردەی منداڵ:

لە کۆمەڵگە دێرین و بەراییەکاندا مرۆڤ مومارەسەی کاری پەروەردەی کردووە، بەڵام ئەم پەیڕەوکردنە ستایلێکی نەگۆڕ و ئەکادیمی نەبووەو لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر و تەنانەت لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکیتر گۆڕاوە، سەرۆکی خێزان لەهەوڵی ئەوەدابووە کە نەوە و منداڵەکانیان کتومت وەکو خۆیان بن، هەڵگری هەمان نەریت و ڕۆشنبیری بن کە لەناو خۆیاندا باوی هەبووە، تەنانەت تا ئێستاش ئەم نەریتە لەناو هەندێك گەل و هۆزدا باوی ماوە (ئالانی، 2013، صفحة 34). منداڵان شوێنکەوتووی باوانیانن لەڕووی بیروباوەڕ و دابونەیت و زمان و ڕەسەنایەتی، لەبەر ئەمەیە باوان هۆکارن لەبوونی بچووکەکان و بایەخدان بە بەرژەوەندییەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندنیان لەڕووی پێکهاتە و بونیادەوە بەپێی ڕێساکانی شوێنکەوتوویی باوانیانە، هەروەها بەپێی بیرو باوەڕی ئایینەکەیانە لە شوێنکەوتنی ڕەسەنایەتییان (الرفاعيى، 2006، صفحة 53)، هەروەکو خودا دەفەرموویەت [والذين ءامنوا وتبعتهم ذوريتهم بايمان ألحقنا بهم ذوريتهم] (الطور، آية 21). ئەوەی باوە باوان سەرچاوەی سەلامەتی و خۆشەویستی و بڕوان بۆ منداڵەکانیان، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ لەدەستدانی هیوا و کپکردنی لەماوەی هەلسوکەوت و ڕەفتاری پەروەردەیی بەرامبەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە منداڵ ئەگەر هاتوو بە پاداشت بێت یان سزا (جعفر، 2004، صفحة 80). زانای بواری کۆمەڵناسی "ئۆگست کۆنت" (1798-1857) قسە لەسەر ئەرکەکانی خێزان دەکات و دەڵێت ئەرکەکانی خێزان ئەرکێکی ئاكارییە، چونکە یەکگرتنی ژن و پیاو سیستەمێکی ئاکاری هەیە، بۆیە جەخت لەسەر هۆیەکەی و پەیوەندی گیانی بەگیانی نێوان ئەندامانی خێزان دەکاتەوە. ئەرکەکەش پەروەردەییە و کە خۆی لەخۆیدا ئەرکێکی ئاکارییە (عبدالواحد، 2008، صفحة 45). هەروەها "مکارینکۆ"ش ڕۆڵی خێزانی لەبیرنەکردووە لە پرۆسەی پەروەردەکردندا، بەڵکو دوپاتیکردۆتەوە کە پەروەردەی خێزانی بنچینەی گشتی پرۆسەی پەروەردە لەخۆدەگرێت، هەروەها پەروەردەی تەواویشی ناوناوە بە ((خێزانی تەواو)) (بدران، 2002، صفحة 225).

زانراوە منداڵان دەژین لە ژینگە جیاوازەکاندا لەڕووی پێکهێنەرە ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان لەڕووی توانا و ئامادەییان بەشێوەی جیاواز لەدایك بووینە، لەوەش زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شێوە جیاوازەکانی پەروەردەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نیشاندانی کەسایەتی جیاوازی منداڵان لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیان. گومانی تێدانییە منداڵان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژین، لەگەڵ ئەوشدا خێزان هەلی بەدەستهێنانی ئەزموونە پێویستەکان لە فێربوون و خوێندنەوە و زمان دەدات، جگە لەوەش بەشێوەی جیاواز لە منداڵاندا دەردەکەوێت، ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو ژینگە ڕۆشنبیرییەی کە منداڵان تیایدا لەدایك بوونە و ژیاون. هەروەها ژینگەی ڕۆشنبیری بەندە بە ڕۆشنبیری باوان (سلامة، 2006، الصفحات 68-72).

لەم سەردەمەدا پەروەردە وەك پیشەیەکی فراوانی لێهاتووە، بۆتە ئۆرگانێکی بەرهەمهێن، مرۆڤی نەخوێندەوار ناتوانێ وەك جاری جاران ژیانی خۆی مسۆگەر بکات، چونکە شێوەی ئێستای کۆمەڵگە شێوەیەکی دامەزراوەیی هەیە، ئەمەش پێویستی بە پسپۆڕی و شارەزایی و هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو کەسێکی خوێندەوار شارەزای پەروەردە بێت، یاخود سەرکەوتوو بێت لە پەروەردەکردندا، بەڵکو کاری پەروەردە کارێکی پڕاکتیکیانەیە و بریتییە لە باش گۆشکردن و ڕاهێنانی نەوەی نوێ لەسەر زمان پاکی و دەروون پاکی و ڕەفتار پاکی و ڕەوشت بەرزی و خوێندەواری، بەجۆرێك کە نەوەی نوێ سودمند بێت لەو پەروەردەکردنەی کە لە منداڵییەوە لەسەری گۆش کراوە و پەروەردە کراوە. زۆر ئاساییە کەسێکی نەخوێندەوار سەرکەوتووتر بێت لە کەسێکی خوێندەوار لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردەی منداڵەکانیدا. ئەگەرچی نکۆڵی لەوە ناکرێ خوێندەواری هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی نوسراوی کەسانی پێشووتر وەربگریت لەڕووی زانست و هونەر و شێواز و کولتووریانەوە (ئالانی، 2013، الصفحات 40-41).

پێگەیاندنی منداڵ کارێکی پەروەردەییە کە دەتوانرێت بەهۆیەوە منداڵ پێبگەیەنرێت لەماوەی قۆناغەکانی گەشەیدا، جۆرە جیاوازەکانی ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەستکردنی بەو شارستانییەت و ژینگەیەی کە تیایدا دەژیت، لەبەرئەوەیە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەموو بەها و تایبەتمەندی و سیفەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئەو کۆمەڵگەیە وەردەگرێت (الكتانی، 1976، صفحة 161). ژیانی منداڵ لەناو خێزان و کۆمەڵدا شارەزایی و زانیاری دەربارەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی پەیدادەکات و وورده وورده لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەگۆڕدرێت. ئەم پرۆسیسی ڕاهێنانی کۆمەڵایەتییە بەپێی چین و توێژ و تاکەکانی کۆمەڵ و جۆری خێزان دەگۆڕێت و جیاوازی هەیە لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکیتر. بێگومان ئەم جیاوازی مامەڵە و شێوازی ڕاهێنانە دەبێتە مایەی جیاوازی کەسایەتی و ڕەوشتی تاکەکان (قەرەچەتانی، 1997، صفحة 36). زۆربەی دیاردە ڕەفتارییە نەگونجاوەکان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئێش و ئازارانەی کە دەردەکەون لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنی ژیانی منداڵ، بەهۆی شێوازی مامەڵەی هەڵە لەلایەن خێزانەکەیەوە کە دەلالەت لەسەرهەڵدانی بارودۆخێك دەکات (کلوت، 2005-2006، صفحة 3).

لە زۆربەی ماڵە لێکترازاوەکان جا بەهەر هۆکارێك بێت ئاستی پەروەردەکردن تێیدا لاوازە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەسەندنی لادان و لەدەستدانی کەسایەتی و بەد ڕەوشتی. هەندێك لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەوانە "میریام فان ووتر - Dr. Merriam v. water) دەڵێت: ئەرکە سەرەکییەکان لەسەر خێزانە کە پێشکەشی منداڵانی بکات (حسن، 1979، صفحة 611). پێویستە ژینگەی خێزان گونجاو بێت بۆ پەروەردە و فێرکردن، چونکە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەیەکی زانستییانە، بابەتییانە و سەرکەوتووانە بریتییە لە ژینگەیەکی باش و گونجاوی خێزانی، دەبێت خێزان لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە ژینگەیەکی لەبار بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵ فەراهەم بکات، ڕەنگدانەوەی خواستە ماددی و مەعنەوی و زانستییەکانی بێت و بتوانێت پەرە بە تواناکانی بدات و بەشێوەیەکی تەندروست و کارا فێری ئەوە ببێت کەوا چۆن بژیت و چۆن لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگەی دەرەوە و ناوەوە ڕەفتار بکات و خۆی بگونجێنێت (پێندرۆیی(جگەرسۆز)، 2015، صفحة 178) .

هەروەها ئەگەر بێینە سەرهەرێمی کوردستان ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵی کوردەواری زۆر هەنگاو لەپێش ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵانی وڵاتانی ئەوڕوپاوەیە، منداڵانی کورد بەهۆی ئەو ژیانە دەوڵەمەندە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کە لەدەوروپشتییەتی دەتوانێت زۆر شت فێرببێت بەبێ ئەوەی کە پێویستی بەوە بێت بچێت بۆ باخچەی ساوایان، یاخود ناچار بێت وا بکات بۆئەوەی ئەندامانی کۆمەڵ قەبوڵی بکەن و هەر لەمنداڵییەوە فێری ئەوە دەبێت کە ڕێزی ئەوانی دەروپشتی بگرێت، ئەگەر بێتوو ئەم شێوەی ڕەفتارکردنە لە خێزان باشتر و ڕاستتر و بەشێوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت ئەوا منداڵ هەزاران باخچەی ساوایانی بۆ دێتە ماڵەوە (عەلی، 2013، صفحة 92).

لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت خێزان ڕۆڵێکی گرنگ و کارا دەگێڕێت لە پەروەردەکردنی منداڵ، لەنێویشیدا پەروەردەکاران لەباوان دوو کارەتەری سەرەکین لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەیی گونجاو بۆ منداڵێکی تەندروست لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەییەوە هاندان و ڕێنوێنیکردن بۆ گەشەپێدانی منداڵەکانیان، هەروەرها دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز و بەتوانا بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکانی ژینگە و کۆمەڵگە بەگشتی و هێنانەدی ئامانجە ویستراوەکانی لەپێناو ئاسوودەیی و خۆشبەختی بۆ ژیان، لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕەفتارە ویستراوەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە بەگشتی.

**باسی دووەم: ئاستی خوێندەواری باوان و پەیوەندی بە پەروەردەی منداڵەوە:**

خێزان بە گرنگترین دەزگای کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا, زانایانی بواری کۆمەڵناسی گرنگی زۆریان پێداوە, چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ, هەر لەسەرەتای لەدایك بوونیەوە تاکو مردنی بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە بونیادنانی کۆمەڵگە (سرحان، 2002، صفحة 179). خێزان لەپێگەیەکی گرنگدایە لەنێو دامەزراوە کۆمەڵایەتیی و پەروەردەییەکاندا، ئەمەش پیشەیەکە لەپێناو هێنانەدی گەشەپێدانی منداڵ و تێرکردنی پێداویستییە دەروونییەکان و چاودێریکردنی و گرنگیپێدانی لەڕووی گەشەی جەستەیی و زانیاری و هەڵچوون و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە. چاودێریکردنی منداڵ لەلایەن خێزانەوە لە کۆمەڵێك ڕووەوە کاریگەری جێدەهێڵێ لەسەر منداڵ، چاودێریکردنی منداڵ لەڕووی سۆز و مەعریفە و بیرکردنەوە و کۆمەڵایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرنگە، لەڕێگەی کاریگەری خستنە سەری، یارمەتیدەدات لە بەدەستهێنانی ئەوەی پێویستییەتی لەکۆمەڵگەدا. لەنێو ئەو بەرپرسیارێتییانەی کە دەکەوێتە سەر شانی خێزان گواستنەوەی زانیارییەکان و کۆمەڵێك ئامانجی ڕۆشنبیری و مەعریفی و بەهاییە کە پاڵ بە نەوەکانەوە دەنێت بەرەو هێنانەدی ئامانجەکانی باوان و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوەش پشت دەبەستێت بە ئاستی خوێندەواری و دەستکەوتی زانستی باوان، ئەم دەستکەوتەش ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە ژیانی مرۆڤ و داهاتووی. (نحیلي د.، 1997، صفحة بدون). منداڵان هەمیشە هەوڵی لاسایکردنەوەی ئەوانیتر دەدەن وە لەپێش هەموویشیان باوان وەکو نموونە. پڕۆسەی لاسایکردنەوە ئەو ئاڕاستە بەهێزەیە لە لێکچوون لەنێوان منداڵەکان و باوانیان (صادق، 2000، صفحة 94).

لێرەدا کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و شارستانی و دەروونی ئاڵۆز هەن ڕۆڵیان هەیە لە ڕێگریکردن بۆ زیادکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی، لەهەمانکاتدا ئەو هۆکارانە هاندەرێکن لەلایەن خێزانەکانەوە کە پاڵ بە نەوەکانەوە دەنێت بۆ سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بە باشترین شێوە هانیان دەدات بەرەو دەستکەوتی زانستی و ڕۆشنبیری (الحسن، 2005، صفحة 116). بەپێچەوانەوە نەخوێندەواری باوك و دایك ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە پەروەردەکردنی منداڵ ئەم دایك و باوکە بەبێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن منداڵەکانیان هاوشیوەی خۆیان لە سەرەتاییترین ماف بێبەش کردووە ئەویش مافی (خوێندن و یاریکردن...هتد)، بۆیە لەسەر دایك و باوك پێویستە بەوپەڕی بەرپرسیارێتی گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن بۆ چوونە بەرخوێندن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندن، ڕێگا نەدەن منداڵەکانیان بچنە سەر شەقام، چونکە شەقام دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی منداڵی ناتەندروست و لادانیان لە بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئەنجامدانی کاری تاوانکاری (سەعدی، 2013، صفحة 33). بۆیە خێزان کارگەرییەکی زۆری هەیە بەسەر پەروەردەکردن و شێوازی ژیان و بڕیاری منداڵەکانیان، بەتایبەتیش پەیوەست بە خوێندن و چوونە قوتابخانە وەکو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، لەهەمانکاتدا خێزان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەسەر دەستکەوتی زانستی منداڵەکانی، چونکە نەخوێندەواری یان کەم بایەخی خوێندن و لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری خێزان وادەکات باوان هاوکاری منداڵەکانیان نەکەن لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی پەیوەست بە خوێندن، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر دواکەوتنی قوتابییەکە لە خوێندن و پشتگیری و هاندانیش بۆ بەردەوامیدان بە خوێندن بەپێی پێویست نابێت (سعید، 2020، صفحة 42). لە توێژینەوەیەکی "د.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

احسان محمد الحسن" بەناونیشانی (علم الاجتماع التربوی) دەرکەوتووە نزمی ئاستی زانستی باوان لەو هۆکارانەیە بۆتە هۆی کەوتنی قوتابیان لە قوتابخانە وەکو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، هەروەها دەرکەوتووە لە (49%) نموونەی توێژینەوەکە ئاستی زانستی باوانیان زیانی گەیاندووە بە چارەنووسی خوێندنی قوتابییەکان، چونکە نزمی ئاستی زانستی باوانیان کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر دەستکەوتی زانستی نەوەکان و بەهۆکاری نەبوونی هیچ هاندانێك لەلایەن باوانەوە (الحسن د.، 2005، صفحة 161).

هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکەی توێژەران "ڤیان لەتیف حاجی و خەدیجە رەحمان سەعدی" کە لە شارۆچکەی سۆرانی سەر بەپارێزگاری هەولێر لە هەرێمی کوردستان ئەنجامیداوە لەسەر ((کارکردنی منداڵان هۆکار و دەرئەنجامەکانی)) دەرکەوتووە بەرێژەی 50%ی دایك و باوکی ئەو منداڵانەی کاردەکەن نەخوێندەوارن (سەعدی، 2013، صفحة 54). ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر پەروەردەی خێزان و بەرزی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی تاکەکان هەیە. لە ئایینی ئیسلامدا رۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵ زۆر بە گرنگ دەزانرێت و بە دامەزراوەی پەروەردەیی بنەڕەتی هەژماری دەکات. لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە پەروەردەکاران پێویستیان بە پێگەیاندنی تایبەت هەیە و شارەزایی و ڕەوانکردنی قورئان بە گرنگ دەزانێت، هەروەها پێویستە پەروەردەکاران لە زانستەکان شارەزابن، چونکە چاولێکەری و لاسایکردنەوەی فێرخوازەکانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبێ ڕابەرێکی نموونەیی بەپێی ڕێنماییەکانی ئیسلام ڕابەرایەتی بکات (عەزیز، 2017، صفحة 113). ئەمەش نموونەیەکی پاڵپشتیکارە کە دەکرێ یەکێك لە هۆکارەکانی وازهێنانی منداڵ لە خوێندن بریتی بێت لە نەخوێندەواری ئەندامانی خێزان بەتایبەتی باوان، چونکە باوان ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لەسەرە، هەروەها نزمی ئاستی زانستی ئەندامانی خێزان و بێبەشبوون لە خوێندن و ڕۆشنبیری بەتایبەتی باوان لەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی خۆدزینەوەی منداڵ لە قوتابخانە (پێندرۆیی(جگەرسۆز)، 2015، الصفحات 278-293). هەروەها زانایانی موسڵمان لە پەروەردەکردندا پێداگیری دەکەن لەسەر پێکهاتەی پێشەنگی باش (القدوة الحسنة) بە ئامانجی کۆپیکردنی ڕەفتاری منداڵ، چونکە منداڵ سەیری کەسەکانی دەوروبەری دەکات، پەیڕەوییان دەکات، هەروەها لاساییان دەکاتەوە لە کار و ڕەفتارەکانیان، بۆیە هەڵاوێردکردنی پەیوەندی یان نزیکی نێوان باوان و منداڵ لە

خێزان یان لە قوتابخانە بەهۆی کارلێك و پەیڕەوکردنی لەسەر چاکە ئەنجام دەدرێ (الشناوي، 2001، صفحة 113).

ڕاپۆرتەکان گرنگی خوێندەواری گەورەکان دەخەنەڕوو، ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێك توێژینەوە کە پێیگەیشتوون، کۆمەڵێك ڕاستی بەدی دەکرێ لەوانە باوکی خوێندەوار دەبێتە هیوایەك بۆ منداڵەکانی بە ئاڕاستەی ناردنیان بۆ قوتابخانە، هەروەها پێدانی توانا بۆ تێگەیشتنیان لە ئەرکەکان و وانەکان، هەروەها باوکی خوێندەوار بە ئاڕاستەی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان هەنگاو دەنێت لە هێنانەدی دادپەروەری لەنێوان ڕەگەزەکان و هاندان بۆ خوێندەواری ڕەگەزی کچ (وایت، 1965، صفحة 9). بەڕای "ابن خلدون" ڕێبازەکانی فێرکردن جیاوازن بەپێی جیاوازی ژینگەی ئیسلامی، بەڵام موسڵمانان کۆکن لەسەر ئەوەی کە قورئان سەرچاوەی باوەڕ و زانستی ئیسلامییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەکەی شێوازێکە لە شێوازەکانی فێرکردن، هەروەها بناغە و بنچینەی پەروەردەی ئیسلامییە (القحتاني، 2011، صفحة 129).

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە باوان بە چەمکەکانی پەروەردە و فێرکردن ئاشنا بکرێن، ئەمەش پێویستی بە ئاستێکی باشی خوێندەواری هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی زانستییانە و بابەتییانە یارمەتی منداڵەکانیان بدەن، بەجۆرێك بتوانن لەماڵەوە ڕۆڵی قوتابخانە و مامۆستا تەواو بکەن، پێویستە ئاشنایەتییەکی باش لەگەڵ چەمکی پەروەردە و فێرکردن پەیدا بکەن، واتا بزانن چۆن و بەچ شێوازێك فێری خوێندن و خوێندنەوە و نووسینیان بکەن و بەرەو زانستخوازی و زانست پەروەری ئاڕاستەیان بکەن. چونکە لە خێزاندا پرۆسەی پەروەردە و بەکۆمەڵایەتیبوون دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەیوەندی نێوان باوان و منداڵ، ئاڕاستەکانی باوکایەتی و پلەی پێگەیشتنی کەسایەتی و ئاستی خوێندەواری باوان و گۆڕانکارییە گرنگەکان لەبارەی گونجاوی منداڵ. هەموو ئەمانە بەیەکەوە لە خێزانێکی نموونەییدا پاڵپشتی لە منداڵی فێرکراوی گونجاو لەلایەن باوانەوە دەکەن لەڕێگەی پرۆسەی ڕێککەوتن یان یەکانگیری لەگەڵ خۆی و گۆڕینی کەسایەتی و لەبەرچاوگرتنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی.

**یەکەم/ ڕۆڵی باوان لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ:**

کەسایەتی بریتییە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی کە منداڵ وەریدەگرێ لە کۆمەڵگەکەی، لەو ماوەیە هەڵوێستەکان لەسەر دیاردەکان و ڕووداوەکانی دەوروبەری وەردەگرێ (حمد، 2002، صفحة 12). کەسایەتی منداڵ پەیوەستە بە دوو ڕەهەندەوە، ڕەهەندی یەکەم بریتییە لە گەشەی منداڵ وەکو مرۆڤ

یان چۆنیەتی دروستکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانیتر و پەرەپێدانی ئامانج و داواکارییەکانی لە ژیان و دروستکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی ڕەفتار و هەڵکردنی لەگەڵ گرفتەکان کە بەشێکن لە بوونی مرۆڤایەتی. ڕەهەندی دووەم بریتییە لەو ڕێگایانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر هۆکارەکانی دەستکەوتی زانستی، هەروەکو زانراوە دەستکەوتی زانستی تەنها پەیوەست نییە بە زیرەکی کەسەکە، بەڵکو سنورێکی فراوانە لە پیشەی کەسایەتی لە منداڵ دەکەوێتە ژێر کاریگەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. (فونتانا، 1989، صفحة 5)

کاری پەروەردەکردن لەگەڵ کاری بەخێوکردن بەشێوەیەکی تەریب دەڕوات، بگرە گەلێك جار پەروەردەکردن دەکەوێتە پێش بەخێوکردنەوە، چونکە هێشتا مرۆڤ لەدایك نەبووە مشوری پەروەردە و چاودێری تەندروستی دەخورێت، واتا بەباشی چاودێری باری تەندروستی و دەروونی دایکەکە دەکرێت. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەوڵی مرۆڤەکان بەردەوامە بۆ پەروەردەکردنی نەوەکان لەسەر ژیانی ئایندە و پێشهاتەکانی و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەگەر و شیمانەکانی ژیان و چارەسەرکردنی گرفت و لەمپەرەکان (ئالانی، 2013، صفحة 113).

خێزان خانەی یەکەمە لە بنەمای کۆمەڵایەتی، کەتیایدا منداڵ زانیاری و ئەزموونەکان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان وەردەگرێ لەو دامەزراوەیە. دەکرێ پەروەردەی خراپ یان باش وەربگرێ، لەماوەی قۆناغەکانی گەورەبوونی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لە کەسایەتییە خودی و کۆمەڵایەتییەکەی، لەچوارچێوەی کەسایەتی گشتی. ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەش ئەکەوێتە سەرشانی باوان (حلاوة، 2011، صفحة 73). لەگەڵ ئەوەشدا خێزان یەکەمین دامەزراوەیی کۆمەڵایەتی پەروەردەییە کە مانا دەبەخشێت بە مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەها بریتییە لە وێنەیەکی بچووککراوە لە کۆمەڵگە کە ڕەنگدانەوەی سروشتی کۆمەڵگەیە لە بەها و پێوەر و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان، لێرەدا ژمارەیەك هۆکار کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو دامەزراوەیە و ڕۆڵیان لە دروستکردنی کەسایەتی نەوەکان، لەو هۆکارانە: (الماجدي، 2020)

أ- پەیوەندی نێوان باوان (العلاقة بين الوالدين).
ب- پەیوەندی نێوان باوان و منداڵ (العلاقة بين الوالدين و الطفل).
ت- یەکانگیری یان پەیوەستی خێزانی (التماسك الاسري).

هەروەها خێزان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر داڕشتنی کەسایەتی منداڵ، کۆمەڵەیەکە لە دروستکردن و سەرهەڵدانی منداڵ، وێنەکێشی مەعریفە و زانیارییە بۆ منداڵ، لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی سەرەکی نەخشە کێشانی کەسایەتییە لەکاتی شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، لەپێناو پەروەدەکردن و شێوازەکانی گەشەپێدانی (أبوزيد، 2010، صفحة ص11). هەروەها ڕەوشت بە بناغە و کۆڵەگەیەکی هەرە بەهێزی هەر کەسایەتییەکی کارا و کاریگەر و بەهێز و شکۆمەند هەژمار دەکرێت، لەوانەش کەسایەتی منداڵ، چونکە مرۆڤ بەبێ ڕەوشت و ئاکار لە مرۆڤ بوون ڕووتدەبێتەوە و لەو بازنەیە دەچێتە دەرەوە، هەروەها مرۆڤ لەڕێگەی ڕەوشت و ئاکارە بەرز و بەها مەدەنییەکانەوە دەتوانێ مرۆڤبوونی خۆی بسەلمێنێ خزمەتێکی شایستە پێشکەش بە نەوەکانی مرۆڤایەتی بکات، بۆیە ئەرکی باوانە بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبوردنەوە هەوڵبدەن ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکان لەناخی منداڵ بروێنن بەو ئاڕاستەیە پەروەردەی بکەن، تاکو ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی هەبێت لەسەر گوفتار و ڕەفتار و کردارەکانی و لە ئایندەدا ببێتە کەسێکی ڕەوشت بەرز و ئاکار پەسند و ببێتە کەسێکی فێرکار و پەروەردەکار و کەسایەتییەکی سەرکەوت و نەرمونیانی هەبێت لەدواڕۆژدا هەست بە شکۆمەندی خۆی بکات (پێندرۆیی(جگەرسۆز)، 2015، صفحة 159).

بۆیە پێویستە باوان ئەم ڕێکارانە بگرنەبەر بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵ لەڕووی ڕەوشتییەوە:

أ- ئامۆژگاری و ڕێنمایکردنی منداڵ بەشێوەیەکی زانستییانە و بابەتییانە و بە نەرمونیانی و دوور لە توندوتیژی و شەڕەنگێزی.

ب- ببنە نموونە و سەرمەشق بۆ منداڵ، بۆئەوەی بەکردەوە چاو لە باوانیان بکەن و لەسەر ڕێبازی ئەوان بڕۆن ئەو سیفەتە بەرزە لەخۆیدا بەرجەستە بکەن (پێندرۆیی(جگەرسۆز) م.، 2015، صفحة 161).

لەم دوو خاڵەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زۆر گرنگە باوان خوێندەواربن و ئاستی خوێندەوارییان بەرز بێت، چونکە لەلایەك دەبێتە بناغەیەکی بەهێز بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن بۆ ئەوەی ڕەفتار و ڕەوشتی گونجاو بەپێی بارودۆخی سەردەم فێری منداڵەکانیان بکەن، لەلایەکیتریش ئەوەی کە خۆیان فێری دەبن لەڕێگەی زانست و زانیارییەوە لەوان ڕەنگبداتەوە و دواتر لەڕێگەی لاسایکردنەوەی منداڵەکانیان ببنە نموونەیەکی بەرز.

هەروەها خێزان بریتییە لە پێکهاتەی یەکەم لە کۆمەڵگە، هەروەها ڕۆشنبیری زاڵ و باڵادەست لە کۆمەڵگەکە ڕۆڵی دەبێت لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەمە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە دەبێتە چوارچێوەیەکی گشتی ڕەفتارەکانی تاك (صادق، 2000، صفحة 94).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت خێزان یەکەم ژینگەی کۆمەڵایەتی ئاساییە کەمنداڵ تێیدا گەشە دەکات, ئەو ژینگەیە پێکهاتووە لە هەموو ئەو توانست و داواکاریانەی کە زەمانەتی تەواو دەکات بۆ منداڵ بۆ دابینکردنی پارێزگاری، دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز و بەتوانا بۆ سەرکەوتن بەسەر گرفتەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە ژیاندا. بەم شێوەیە کەسایەتی سەرکەوتوو لە خێزانێکی سەرکەوتووەوە دێت وە بەپێچەوانەوە. خێزانی سەرکەوتووش وەستاوە لەسەر دروستی کۆمەڵی بەهاکان و پەیوەندی تاکەکان و ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی باوان لەناو خێزان.

## دووەم/ ڕۆڵی باوان لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردیی گونجاو بۆ منداڵ:

باوان سەرچاوەی یەکەمن لە پێگەیاندنی منداڵەکانیان، لە دەستکەوتنی بنەماکانی کەسایەتی و تێگەیشتنیان، پاڵپشت بە ئاست و باکگراوندە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان بەڕادەیەکی زۆریش ئاستە زانستییەکەیان. ئەوەش دەلالەتە لەوەی کە ئاستی زانستی لەنێو هەموو گۆڕاوەکاندا گرنگترین و کاریگەرترینە لە پەروەردەکردندا، لەبەرئەوەی هەڵکشان لە بواری زانستیدا یارمەتیدەرێکی گەورەیە لە پرۆسەی پەروەردەییدا. ئاستی زانستی کاریگەری دەبێت لەسەر هاوسەران، دواتر ئەو کاریگەرییە دەبێتە هەوێنی پەروەردەکردنی نەوەکان، لەبەرئەوەی هاوسەران سوودیان بینیوە بە تواناى پێویست لە زانینی زانیاری و پێکەوە گونجانیان لە بیرکردنەوە و ئاراستەکان، ئەوەش یارمەتییان دەدات لە دروستکردنی هەڵوێست و تێڕوانینی هاوبەش لەپێناو ڕەفتاری نموونەیی لە پەروەردەکردنی نەوەکان و سەرکەوتنیان بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە (فراجي، 2011-2012، الصفحات 7-8). دەرکەوتووە یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتنی منداڵ لە خوێندن بریتییە لە جیاوازییەکانی نێوان باوان لە هەڵوێستەکانیان لە شێوازی پەروەردەیی وەك گرفتێکی خێزانی وا لەمنداڵ دەکات کە واز لە خوێندن بهێنێت (غنيم، 2006، الصفحات 18-19).

پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئاستی پەروەردەییەوە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو، جا چ لەئاستی تاکی پەروەردەییدا بێت یان خێزانی پەروەردەییدا بێت یان لە ئاستی کۆمەڵگەدا بێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەگشتی. ئاستی پەروەردەیی ئەو ئاستەیە خێزانەکە پێی گەیشتووە، یان کەسە گەورەکانیان پێی گەیشتوون لەگەڵ ئەو شتانەی لە ڕۆژنامەکان، کتێبخانە خێزانییەکان، یان کتێبی بەردەست و بەکارهاتوو، تەنانەت لە بەنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش وەریدەگرن کە پەروەردەیین و دەیبیستن و دەیبینن (ناصر د.، 2013، صفحة 60). هەروەها دەرکەوتووە پەیوەندی هەیە لەنێوان دەستکەوتی زانستی باوان و کەمی بەکارهێنانی سزای جەستەیی بەرامبەر منداڵەکانیان وەك شێوازی پەروەردەکردن، واتا هەرچەند ئاستی زانستی باوان بەرز بێت ئەوا کەمتر سزای جەستەیی بەکاردەهێنن بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان (حمد، 2002، صفحة 12). لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە دەگمەن دایکێك هەیە لە بارەی منداڵ و پەروەردەکردنییەوە شتێك بخوێنێتەوە. ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام پەروەردەکردنی منداڵ ئەوەندە گرنگە و کاردەکاتە سەر دواڕۆژی هەریەك لە ئەندامانی کۆمەڵ بەگشتی، کە هیچ بیانویەك ڕێ بە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکان نادات، کە ئەم ئەرکە فەرامۆش بکەن و هەوڵنەدەن دایکان و باوکان ئاگاداربکەنەوە لە گرنگی ئەم کارە، کە زۆرجار لە کەمتەرخەمی زیاتر بەولاوە هیچ بیانویەك نییە پەنای بۆ بەرن (عەلی، 2013، صفحة 16).

پێویستە هەموو خێزانێك کتێبخانەیەکی بچووکی لەناو ماڵدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو کتێبخانەیە هەندێك سەرچاوەی سەرەکی لە ڕوونکردنەوەی قورئان و فەرموودە و یاساناسی و ژیاننامە و مێژوو و زمان و ئەدەب لەخۆبگرێ، بۆئەوەی لەکاتی پێویست یان دەستبەتاڵی ئەندامانی خێزان بگەڕێنەوە بۆ هەندێك بابەت (بكار، 2012، صفحة 21). پەرەپێدانی منداڵ و پەروەردەکردنی دەکەوێتە ژێر کاریگەری بارودۆخە ڕۆشنبیری و فێرکارییەکان لە خێزان. ئاستی بیرکردنەوە و ڕێگە باوەکانی نێو خێزان، لە ئارەزووی خوێندنەوە و ئەزموونکردنەکان لە کتێب و ڕۆژنامە و گوێگرتن لە ڕادیۆ و سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و ڕاوسەرنجەکان لەسەریان، لەوەش زیاتر ئەزموونکردنی چالاکییە ڕۆشنبرییەکان وەکو چوون بۆ سینەما و بەشداریکردن لە کۆڕ و سیمینارەکان و زانینی گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییە ناوخۆیی و جیهانییەکان و کاریگەرییەکانی و ئەنجامەکانی، هەموو ئەمانە کاریگەرییان دەبێت لە گەشەپێدانی هۆشیاری ڕۆشنبیری لەلایەن تاکەکان و کاردەکاتە سەر گەشەی مەبەستدار و گونجان لەگەڵ ژیان. هەموو ئەم بارودۆخانەش لەنێو خێزان کاریگەری دەبێت لە گەشەپێدانی منداڵ و دروستکردنی کەسایەتی (سرحان د.، 1981، صفحة 183).

ئەم زانیارییانەش ئەوە دەردەخەن کە بەرزی ئاستی خوێندەواری باوان دەبێتە هۆی هاوبەشیکردنیان لە بڕیارە پەیوەندیدارەکان بە ژیانی خێزانی لەوانە پەروەردەکردنی منداڵ، ئەوەش پەیوەندییەکی باشە لەنێوان ئاستی خوێندەواری باوان و هاو هەڵوێستی لە هەڵبژاردنی شێوازێکی پەروەردەیی گونجاو بۆ منداڵەکانیان.

**باسی سێیەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**ئامانجی یەکەم:** خستنەڕوی پەیوەندی نێوان ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ:

خێزان ڕۆڵێکی گرنگ و کارا دەگێڕێت لە پەروەردەکردنی منداڵ، لەنێویشییاندا پەروەردەکاران لەباوان دووکارەکتەری سەرەکین لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەیی گونجاو بۆ منداڵێکی تەندروست لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەییەوە، هاندان و ڕێنوێنیکردن بۆ گەشەپێدانی منداڵەکانیان، هەروەرها دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز و بەتوانا بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکانی ژینگە و کۆمەڵگە بەگشتی و هێنانەدی ئامانجە ویستراوەکان لەپێناو ئاسوودەیی و خۆشبەختی بۆ ژیان، لەڕێگەی ئەنجامدانی ڕەفتارە ویستراوەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە بەگشتی. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە باوان ئاشنایەتییەکی باش لەگەڵ چەمکی پەروەردە و فێرکردن پەیدا بکەن، واتا بزانن چۆن و بەچ شێوازێك منداڵەکانیان فێری خوێندن و خوێندنەوە و نووسینیان بکەن و بەرەو زانستخوازی و زانست پەروەری ئاڕاستەیان بکەن. چونکە لە خێزاندا پرۆسەی پەروەردەکردن دەکەوێتە ژێر کاریگەری پەیوەندی نێوان باوان و منداڵ، ئاڕاستەکانی باوکایەتی و ئاستی خوێندەواری باوان. ئەم زانیاریانەش لەگەڵ توێژینەوەکانی (محمد جرادات) و (بتولی غزال سعید) و (سعید محمدامین سعید) یەکدەگرێتەوە، کە خاڵی هاوبەشیان بریتییە لە ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە هاندان و ڕێنوێنیکردن بۆ گەشەپێدانی منداڵەکانیان. هەروەها لەگەڵ توێژینەوەکانی ( أ.د.زمان نورالدين و أ.و.نجن سميره) و (د.علي نحيلي) یەکدەگرێتەوە کە دەرکەتووە ئاستی بەرزی خوێندەواری باوان گرنگە بۆ دەستکەوتی نەوەکان لەڕووی زانستییەوە کە بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵان. هەروەها لەگەڵ توێژینەوەکەی (يخلف رفيقة) یەکدەگرێتەوە، کە دەرکەوتووە ئاستی خوێندەواری باوان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕیت لە پرۆسەی پەروەردەکردن و ئامادەکردنی منداڵ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کۆمەڵگە بەگشتی و ئەنجامدانی شێوازەکانی ڕەفتاری ویستراو لە کۆمەڵگەدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئامانجی دووەم:** زانینی ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵ:
دەرکەوتووە خێزان یەکەم ژینگەی کۆمەڵایەتی ئاساییە کەمنداڵ تێیدا گەشە دەکات, ئەو ژینگەیە پێکهاتووە لە هەموو ئەو توانست و داواکاریانەی کە زەمانەتی تەواو دەکات بۆ منداڵ لە دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز و بەتوانا بۆ سەرکەوتن بەسەر گرفتەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە ژیاندا. بەم شێوەیە کەسایەتی سەرکەوتوو لە خێزانێکی سەرکەوتووەوە دێت وە بەپێچەوانەوە. خێزانی سەرکەوتووش وەستاوە لەسەر دروستی کۆمەڵی بەهاکان و پەیوەندی تاکەکان و ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی باوان. ئەمەش یەکانگیرە لەگەڵ توێژینەوەکانی (د.باسمة حلاوة) و (ڤیان لەتیف حاجی و خەدیجە ڕەحمان سەعدی) و (أمینة فراجي) کە جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی ئاستی خوێندەواری باوان کە هاوبەشی دەکەن لە گەشەی هاوسەنگ لە کەسایەتی و دروستکردنی کەسایەتییەکی بەهێز لە منداڵ.

**ئامانجی سێیەم:** زانینی ڕۆڵی ئاستی خوێندەواری باوان لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەیی گونجاو بۆ منداڵ:
زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن کە بەرزی ئاستی خوێندەواری باوان دەبێتە هۆی هاوبەشیکردنیان لە بڕیارە پەیوەندیدارەکان بە ژیانی خێزانی لەوانە پەروەردەکردنی منداڵ، ئەوەش پەیوەندییەکی باشە لەنێوان ئاستی خوێندەواری باوان و هاو هەڵوێستی لە هەڵبژاردنی شێوازێکی پەروەردەیی گونجاو بۆ منداڵەکانیان. ئەوەش ئەنجامێکی هاوبەشە لەگەڵ توێژینەوەکانی (د.باسمة حلاوة) و (أمینة فراجي) کە هەردووکیان جەخت دەکەنەوە لەسەر کاریگەری یەکسانی و بەرزی ئاستی زانستی نێوان هاوسەران لەسەر پەروەردەکردن و هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەیی گونجاو بۆ منداڵەکانیان، هەروەها بوونی یەکسانی و بەرزی ئاستی زانستی هاوسەران دەبێتە هۆی گونجان و ڕێککەوتن لە هەڵوێستی پەروەردەییان بەرامبەر منداڵ.

## کۆتایی: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر لەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە بریتین لە:
1. بەپێی شیکردنەوەی ئەنجامەکان دەرکەوتووە پەیوەندی هەیە لەنێوان ئاستی خوێندەواری باوان و پەروەردەی منداڵ. بەرزی ئاستی خوێندەواری باوان ڕۆڵێکی گرنگ و کارا دەگێڕێت لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردەکردنێکی تەندروست بۆ منداڵ، لەنێویشییاندا پەروەردەکاران لەباوان دووکارەکتەری سەرەکین لە هاندان و ڕێنوێنیکردن بۆ گەشەپێدانی منداڵەکانیان و هێنانەدی ئامانجە ویستراوەکانیان لەپێناو ئاسوودەیی و خۆشبەختی بۆ ژیان.

2. دەرکەوتووە ئاستی خوێندەواری باوان ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بۆ منداڵ. بەرزی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی باوان خاڵی بەهێزی دروستکردنی کەسایەتییەکی سەرکەوتووە لە منداڵدا.
3. لە شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە ئاستی خوێندەواری باوان ڕۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی شێوازی پەروەردەیی گونجاو بۆ منداڵ، هەروەها بوونی یەکسانی و بەرزی ئاستی زانستی هاوسەران دەبێتە هۆی گونجان و ڕێککەوتن لە هەڵوێستی پەروەردەییان بەرامبەر منداڵ.

# سەرچاوەکان:

## سەرچاوە کوردییەکان (المصادر الكردية):

کتێبەکان (الكتب):

1. ئالانی, ع. (2013) پەروەردەکردنی منداڵەکانمان - لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگە و قوتابخانەدا .بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا. سلێمانی.
2. پێندرۆیی,(جگەرسۆز). م .س. (2015) .ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە پەروەردە و فێرکردنی قوتابید. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.
3. سەمیرە, د. (2009) .فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی. (چاپی دووەم) .وەرگێڕانی:خ .میراودەلی. چاپخانەی چوارچرا. سلێمانی.
4. سەمیرە, د. (2007). فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی . وەرگێڕانی: خ .میراودەلی. چاپخانەی چوارچرا . سلێمانی .
5. عبدالواحد, ه. ج. (2008) .کۆمەڵناسی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر .
6. عەزیز, ك. ئ. (2017) .بنەکانی پەروەردە - دەروازەیەك بۆ پەروەردەناسی . دەزگای چاپ و پەخشتی نارین. هەولێر .
7. عەلی, ش. ف. (2013) .منداڵەکەت بۆ وا دەکات .چاپی دووەم .خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. هەولێر.

8. قەرەچەتانی ,ك.ش .(1997) .سایکۆلۆژیای منداڵ.چاپخانەی زانکۆ. هەولێر.
9. ناصر ,د.(2013) .زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی . وەرگێڕانی: د .ن .محەمە. چاپخانەی چوارچرا. سلێمانی .

**نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا(رسالة ماجستير و اطروحة دكتورا):**

10. سعيد ,س .م. (2020). هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن و پەیوەندی بە جۆری کۆمەڵایەتییەوە - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر .هەولێر ,زانکۆی سەلاحەددین ,کۆلێژی ئاداب /بەشی کۆمەڵناسی.توێژینەوەی ماستەری بڵاونەکراوە.
11. سەعدی ,ڤ .ل .(2013). کارکردنی منداڵان هۆکار و دەرئەنجامەکانی _لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سۆران .چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر _کوردستا. توێژینەوەی ماستەری بڵاونەکراوە

**المصادر العربية (سەرچاوە عەرەبیەکان):**

**الكتب (کتێبەکان):**

1. القرآن الكريم, سوره الطور, ص. (آية21).
2. زمان نورالدين و أ.ونجن سميره.(2011) محددات و أنماط المتابعة الاسرية وتأثيرها على التحصيل الدراسي للأبناء.مخبر المسألة التربوية في ظل التحديات الرهنة.
3. آخرون ,م ,أ .(1979) .*اصول البحث العلمي* .جامعة الموصل :دار الكتب للطباعة و النشر.
4. البدري ,د .س .(2005) .*مصطلحات تربوية و نفسية* .دار الثقافة للنشر و التوزيع. عمان /الاردن.
5. الحسن ,ا .م .(1991) .*علم الاجرام -دراسة تحليلية حول التفسير الاجتماعي للجريمة* .دار الكتب و الوثائق . بغداد.
6. الحسن ,د .ا .(2005) .*علم الاجتماع التربوي* .دار وائل للنشر و التوزيع. عمان/الاردن..
7. الرفاعيى ,د .ج .(2006) .*الاحكام الفقهية و التربية الشاملة المتعلقة بالأطفال* .دار الفرقان للنشر و التوزيع. عمان / الاردن.
8. الشناوي ,د .س) .(2011) .*تربية الطفل في الاسلام* .دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع. عمان.
9. القحتاني ,س .ب .(2011) .*الهدى و التبوى في التربية الاولاد في ضوء الكتاب و السنة* .بدون مكان ومكان طبع.
10. الكتاني ,ا .(1976) .*ظاهرة انحراف الاحداث -دراسة اجتماعية للطفولة المنحرفة في المغرب* .مطبعة التومي . الرباط.
11. الياسين ,ج .ع .(1981) .*اثر التفكك العائلي في جنوح الاحداث* .عالم المعرفة. بيروت/لبنان.
12. اوبير ,ر .(1979) .*التربية العامة* .وەرگێڕانی: ع .عبدالدايم . دار المعام المراين. بيروت.
13. بتولي غزال سعيد. (1981). اساليب التنشئة الاجتماعية و علاقتها بمستوى تعليم الأبوين. بدون مكان ومكان طبع.
14. بدران ,ش .(2002) .*افاف تربوية متجددة -الاتجاهات الحديثة في تربية طفل ماقبل المدرسة* .الدراسة المصرية اللبنانية .القاهرة.
15. بكار ,أ. ط . (2012) .*تأسيس عقلية الطفل* .الرياض, المملكة العربية السعودية .دار وجوه للنشر و التوزيع.
16. جعفر ,ع .م .(2004) .*حماية الاحداث المخالفين للقانون و المعرضين لخطر الانحراف -دراسة مقارنة* .لمؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزي .بيروت.
17. حسن ,م .(1979) .*مقدمة الخدمة الاجتماعية* .مكتبة المعارفي الحديثة .اسكندرية.
18. سرحان ,د .م .(1981) .*في اجتماعيات التربية* .دار النهضة العربية للطباعة و النشر. بيروت.
19. سلامة ,د .س .(2006) .*تعليم الأطفال الفراءة و الكتابة* .دار البداية ناشرون و موزعون. عمان/الاردن.
20. صادق ,د .ز.(2000) .*تنشئة الطفل و سبل الوالدين في معاملة و مواجهة مشكلاته* .دار الفكر العربي. القاهرة.

21. غنيم, أ .خ .(2006) .*مشكلات تربوية معاصرة* .مركز الكتاب الأكاديمي. عمان.
22. فونتانا ,د .(1989) .*الشخصية و التربية* .مطابع التعليم العالي ترجمة: ع .ي .داود .اربيل.
23. كلوت ,م .(2005-2006) .*كيف نحمي أبناءنا من الانحراف*.دار اليوسف .بيروت.
24. محمد جرادات.(2007). علاقة مستوى تعليم الوالدين و دخل الاسرة بأختيار الأبناء الذكور و الاناث لتحصصاتهم الجامعية. *دراسات- العلوم التربية*.
25. سرحان, منير المرسى. (2002). *فى أجتماعيات التربية* .الإصدار دار النهظة العربية. بيروت.
26. ناصر ,د .ا .(1980) .*مقدمة في التربية*. ط 3.بدون طبع. عمان /الاردن.
27. نحيلي ,د .ع .(1997) .*العلاقة بين تحصيل الوالدين علميا و تحصيل الأبناء -دراسة ميدانية في مدينة دمشق* . دمشق.
28. وايت ,ك .ف .(1965) .*سبل تعليم الكبار* . ترجمة: د .سمعان .دار نهضة مصر للطبع و النشر. القاهرة.

**رسالة ماجستير و اطروحة دكتورا(نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا):**

29. أبوزيد ,ن .ع .(2010). *العلاقة بين ثقافة الولدين واتجاهات الابناء نحو مشاهدة برنامج التلفاز الاردني* .رسالة ماجستير منشورة ,كلية الاعلام -جامعة الشرق الأوسط. الاردن.
30. حمد ,ع .ا .(2002). دور المؤسسات التربوية في بناء شخصية الطفل -دراسة ميدانية في مدينة اربيل ,جامعة صلاح الدين ,كلية الاداب /قسم علم الاجتماع . رسالة ماجستير غيرمنشورة. اربيل.
31. فراجي ,أ .(2011-2012) تأثير تكافؤ المستوى التعليمي بين الزوجين على تربية الابناء -دراسة ميدانية بمناطق مختلفة بولاية البويرة .جامعة العقيد اكلى محند أو الحاج -البويرة .رسالة ماجستير غير منشورة ,الجزائر :معهد العلوم الانسانية و الاجتماعية -قسم علم الاجتماع.
32. سجيدة, لرزق. (2012-2013). *لاجتماعية الوالدية و جنوح الاحداث -دراسة منجزة بالمركز المتخصص في اعادة التربية بحاسى دحو ولاية سيدي بلعباس*. رسالة ماجستير منشورة، جامعة وهران: كلية العلوم الاجتماعية - قسم علم النفس و علوم التربية و الارطفونيا.

**المجلات (گۆڤارەکان):**

33. جرادات ,م .(2007). علاقة مستوى تعليم الوالدين و دخل الاسرة بأختيار الأبناء الذكور و الاناث لتخصصاتهم الجامعية .*دراسات العلوم التربية* ,*عمادة البحث العلمي* ,المجلد1 .العدد34.
34. حلاوة ,د.ب .(2011). دور الوالدين في تكوين الشخصية الاجتماعية عند الأبناء -دراسة ميدانية في مدينة دمشق . *مجلة جامعة دمشق*.
35. رفيقة ,ي .(2014). المستوى الثقافي للأسرة و أثره علي التحصيل الدراسي للأبناء .*مجلة الحكمة للدراسات التربوية و النفسية*.

**المصادر الكترونية(سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان):**

36. عيسى, الاء. (28 يونيو, 2018). *مفهوم تربية الطفل*، متاح على شبكة المعلومات العالمية الانترنيت https://mawdoo3.com. تاريخ الاسترداد (2022/3/7)، من موقع عربي بالعالم.
37. الماجدي ,نور .(2020 .سبتمبر. 2). *دور الوالدين في تربية الابناء*. متاح على شبكه المعلومات العالميه الانترنيت Retrieved.(2022/4/) from https://www.azzaman.com, من الزمن.
38. المتحدة ,*اتعريف الطفل* ,متاح على شبكه المعلومات العالميه الانترنيت https://www.unicef.org.ح–ن . الأطفال Retrieved . (2022/3/28) from , .يونسيف.
39. عتوم, حنان. (24 نوفمبر, 2020). الفرق بين مفهوم تربية الطفل، متاح على شبكة المعلومات العالمية الانترنيت https://e3arabi.com. تاريخ الاسترداد (2022/3/8)، من عربي.
40. متفرقات. (17 .جولاى . 2019). *تعريف تربية الابناء*، متاح على شبكة المعلومان العالمية الانترنيت . https://horofar.com. تاريخ الاسترداد (2022/3/8)، من حروف عربى.
41. ويكيبيديا.(2021 .اكتوبر.26). *تربيه الابناء* ,متاح على شبكة المعلومات العالمية الانترنيت Retrieved .https://ar.wikipedia.org .(2022/3/7) from ,.الموسوعة الحرة.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

42. ويكيبيديا.(2021 .اكتوبر.26). *والدان*. متاح على شبكة المعلومات العالمية الانترنيت الموسوعة الحرة.Retrieved (2022/3/27), from . https://ar.wikipedia.org.

# The Level of Parental Education in Relation to The Upbringing of Children

## An analytical descriptive study

**Asst. Lect. Kameran Jewher Abdullah**
Department of Sociology, College of Arts, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
kameran.abdullah@su.edu.krd

***Keywords:*** *Educational Level, Parents, Education, Child, Child Education.*

## Abstract

The study aims to clarify the relationship between the level of parental education and raising children, to know the role of the level of parental education in shaping the child's personality, and also know the role of the level of parental education in choosing the appropriate style of education for the child.

In this study, the researcher used the descriptive-analytical method to reveal the relationship between the independent variable (parents' education level) and the dependent variable (children's education, the formation of the child's personality, and the selection of the appropriate method or style of education for the child).

Among the most important results of this study:

1. It was found that there is a relationship between the level of education of the parents and the upbringing of the children.
2. The level of parental education has an effective role in building and forming the successful personality of the child.
3. The high level of education of parents leads to compatibility and agreement in their educational attitude towards children.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مستوى تعليم الوالدين و علاقته بتربية الأطفال
# دراسة وصفية تحليلية

**ملخص:**
تهدف الدراسة الى بيان العلاقة بين مستوى تعليم الوالدين بتربية الأطفال، ومعرفة دور مستوى تعليم الوالدين في تشكيل شخصية الطفل، وكذلك معرفة دور مستوى تعليم الوالدية في اختيار الأسلوب المناسب من التربية الطفل.

استخدم الباحث في هذه الدراسة المنهج الوصفي التحليلي لكشف العلاقة بين المتغير المستقل(مستوى تعليم الوالدية) والمتغير التابع ( تربية الأطفال وتكوين شخصية الطفل واختيار الأسلوب المناسب من التربية الطفل).

ومن أهم نتائج هذه الدراسة:

1- تبين وجود علاقة بين مستوى تعليم الوالدية وتربية الاطفال.

2- مستوى تعليم الوالدية له دور فعال في بناء و تشكيل الشخصيةالناجحة للطفل.

3- ارتفاع مستوى تعليم الوالدية تؤدى الى التلاءم والاتفاق في موقفهم التربوي تجاه الاطفال.